**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٦٦٣ لە ٢٠٢٦/٢/٥**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦
## تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی قارچک

پاڵپشت بە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ماددەی (١):**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: وەزارەت:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان لە وەزارەت.

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی باخداری:** بەڕێوەبەرایەتی باخداری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**پێنجەم: فەرمانگەی کشتوکاڵی:** بەڕێوەبەرایەتی و بەشە کشتوکاڵییەکان لە قەزا و ناحیەکان.

**شەشەم: پڕۆژە:** پڕۆژەی بەرهەمهێنانی قارچك.

**ماددەی (٢):**

مەرجەکانی تایبەت بە دابین کردنی زەوی بۆ دامەزراندنی پڕۆژە:

**یەکەم:** دامەزراندنی پڕۆژەی قارچك تەنها لە سەر زەوی بەردەڵانی دەبێت.

**دووەم:** دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پڕۆژەکە لە (١،٥) یەک دۆنم ونیو کەمتر نەبێت ئەگەر پڕۆژەکە تەنیا یەکەی بەرهەمهێنانی قارچك بگرێتە خۆی.

**سێیەم:** دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پڕۆژەکە لە (٢،٥) دوو دۆنم ونیو کەمتر نەبێت، ئەگەر پڕۆژەکە جگە لە یەکەی بەرهەمهێنانی قارچك یەکێك یان هەردوو یەکەی (بەرهەمهێنانی تۆو) و یەکەی (بەرهەمهێنانی کۆمپۆست) بگرێتە خۆی.

**چوارەم:** پێویستە پڕۆژەکە (١کم) یەک کیلۆمەتر دووربێت لە (سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و سنووری قەزا و ناحیەکان و گوند وکۆمەڵگای نیشتەجێبوون) وە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر لە ڕێگای سەرەکی و (٧٥) حەفتا و پێنچ مەتر لە ڕێگای لاوەکی و (١٠٠) سەد مەتر لە ڕێگای گوند و (٣٠٠) سێ سەد مەتر لە پڕۆژەی پەلەوەری و ئاژەڵداری و ماسی و (١٥٠) سەد وپەنجا مەتر لە هەنگەڵان و (١٥٠) سەد و پەنجا مەتر لە پڕۆژەی خانووی پلاستیکی دووربێت.

**پێنجەم:** دەبێت پڕۆژەکە سەرچاوەی ئاوی پێویستی هەبێت.

**ماددەی (٣):**

ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت:

**یەکەم:** داواکار داوا پێشکەش دەکات بۆ دامەزراندنی کارگە بە فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە لەگەڵ پێشکەش کردنی تەواوی زانیاری دەربارەی کارگە وپێکهاتەکانی ونەخشەی پرۆژەکە.

**دووەم:** لیژنەیەکی هاوبەش کە پێک دێت لە کشتوکاڵی ئەو ناوچەیەی داواکاریەکەی لێ پێشکەشکراوە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە نوێنەری هەریەک لە (باخداری، زەوی وزار) و ڕووپێویێک پشکنین و نەخشە و کۆنووسی تایبەتی بۆ دەکەن.

**سێیەم:** داوا و کۆنووس و نەخشە کە ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی باخداری دەکرێت

**چوارەم:** بەڕێوبەرایەتی باخداری دوای دڵنیابوونەوە لە گرنگی پرۆژە پێشکەشکراوە لە ڕووی جۆر و کواڵێتی بەرهەمەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بازار، بەهەماهەنگی بەشی زەوی و زار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ پاش هاتنەدی مەرجەکانی یاسا و ڕێنمایەکان کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لایەنە پەیوندیدارەکان لە (کارەبا، شارەوانی، گەشتوگوزار، سامانە سروشتیەکان، ژینگە، ڕێگاوبان، گەشەپێدانی پیشەسازی، تەندروستی).

**پێنجەم:** پاش تەواوکردنی ڕێکارە یاساییی و کارگێڕییەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوندیدارەکان مامەڵەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی لە وەزارەت بۆ ڕێگە پێدان بەدروست کردنی پرۆژەکە

**شەشەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگەپێدانی سەرەتایی بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ دەدات دوای وەرگرتنی لاری نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵی، و دوای تەواو بوونی پرۆژەکە بۆ ئامادەبوون بۆ کارکردن دوای هێنانی پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی باخداری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان مۆڵەتی هەمیشەیی پێ دەدرێت

**حەفتەم:** مۆڵەتەکە (٢) دوو ساڵ جارێك نویێ دەکرێتەوە.

**ماددەی (٤):**

پێداویستیەکانی دامەزراندنی پرۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** لە کاتی بەرهەمهێنانی قارچك لە سەر ڕووی زەوی (أرضي)، نابێت ژمارەی هۆڵەکان لە (٦) شەش هۆڵ کەمتربێت،هەر هۆڵێک قەبارەکەی (٥٠٠ م٣) پێنج سەد مەتر سێ جا کەمتر نەبێت قەبارە واتە (درێژی و پانی و بەرزی).

**دووەم:** ئەگەر بەرهەمهێنانی قارچك لەسەر ڕەفە (رفوف) بوو ڕێگە دەدرێت بەو مەرجەی ژمارەی هۆڵەکان لە (٣) سێ هۆڵ کەمتر نەبێت بە هەمان قەبارەی دیاری کراو لە برگەی (یەکەم) داهاتووە، پێویستە ڕەفەکان لە ماددەیەك دروست کرابن کە بەرگری ژەنگیان هەبێت ونەبنە هۆی زیانگەیاندن بە بەرهەمی قارچکەکە.

**سێیەم:** پێویستە لە هەر دوو حاڵەتی خاڵی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە هەموو پێداویستی یەکان لە کارەبا و ئاو پرژێنەر و کۆنترۆڵی پێویست بۆ ڕاگرتنی کەش و هەوای هۆڵەکان و پاکژ کردنی ڕۆژانە دەستەبەر بکرێت بۆ پرۆژەکە.

**چوارەم:** ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەمهێنانی تۆوی لەگەڵدا بوو پێویستە (٢) دوو هۆڵ دابمەزرێنی، یەکێکیان بەڕووبەری (٧×٥)مەتر دووجا کەمتر نەبێت بۆ تاقیگە و دووهەمیان بۆ لە ئامێزگرتن (حاضنة) کە ڕووبەرەکەی (١٠×٥) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەمهێنانی (کۆمپۆست)ی لە گەڵدابوو، پێویستە گۆڕەپانێکی کۆنکرێتی هەبێت کە ڕووبەری (٤٠×٢٥) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

**شەشەم:** پێویستە پرۆژەکە گەنجینەی ساردکەرەوەی پێویستی هەبێت بۆ هەڵگرتنی بەرهەمەکانی بەپێی توانا پرۆژەکە.

**حەفتەم:** چاندنی چوار دەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو بەمەبەستی دروست کردنی باگێرەوە.

**ماددەی (٥):**

پێویستە پرۆژەکە بەپێی یاسایی سەرپەرشتیارانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕێنمایی جێبەجێ کردنی یاساکە ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەموارکراو بە ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٥ سەرپەرشتیاری پرۆژەی هەبێت.

**ماددەی (٦):**

پێویستە بەرهەمەکە بە شێوەیەکی تەندروست و کوالێتی بەرز بەرهەم بهێنرێت و بخرێتە بازاڕەوەو مەرجە تەندروستەکان جێبەجێبکات و بەرواری بەرهەمهێنان و بەسەرچوون لەسەر بەرهەمەکە دیاری کرا بێت و لە ساردخانەدا هەڵبگیرێت و ڕێگا پێدراو نیە خاوەن پرۆژەکە بەرهەمەکە بەفەلی بخاتە بازاڕەوە.

**ماددەی (٧):**

پابەندە داراییەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** کرێی پشکنینی زەوی (٢٥,٠٠٠) بیست وپێنج هەزار دینار.

**دووەم:** کرێی دەرهێنانی مۆڵەت (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار.

**سێیەم:** کرێی نوێ کردنەوەی مۆڵەت (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** ئەگەر خاوەن پرۆژە لە ماوەی یاسایی مۆڵەتەکە نوێ نەکاتەوە کرێی سەرباری لێ وەردەگیرێت بە بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ ساڵی یەکەم و (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ ساڵی دووەم.

**دووەم:** ئەگەر بۆ جاری دووەم لە سەر یەك مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە، مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت.

**سێیەم:** لەکاتی پابەند نەبوونی خاوەن پڕۆژەکە بە ڕێنمایەکانی وەزارەت:

أ- خاوەن پڕۆژەکە ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ماوەی (٧) حەفت ڕۆژ بە پابەند بوون.

ب- ڕاگراتنی پڕۆژەکە لە کارکردن بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ.

ج- لەکاتی دووبارەبوونەوە ماوەی ڕاگرتنی کارکردن دوو هێندە زیاد دەبێت

د- ئەگەر هەر بەردەوام بوو لە پابەند نەبوون ئەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ڕێگەنادرێت پڕۆژەی قارچک دابمەزرێنرێت بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە .

**دووەم:** هەر پڕۆژەیەکی قارچک دامەزرابێت پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە پێویستە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنمایە لە ماوەیەکدا کە لە (١٨٠) سەد وهەشتا ڕۆژ تێنەپەڕێت.

**ماددەی (١٠):**

ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەت هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١١):**

ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو دامەزراندنی پڕۆژەی بەرهەمهێنانی قارچک وەک سەرچاوەیەکی خۆراکی و لەبەرچاوگرتنی بنەما زانستی و تەندروستیەکان لە پڕۆژەکان دا هەروەها بۆ زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕەخساندنی هەلی کاری ناوخۆی ئەم ڕێنماییە دەرچوێندرا.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**